# THE ZAYTUN

# زەیتون



Republic Of Korea Zaytun Division | www.zaytun.mil.kr | Mar 2007




## کاروچالاکیەکانی ئاوەدانکردنەوەی کاروباری سەربازی ـ سیڤیلی بۆ ساڵی 2007

لە ڕۆژی 2007/2/5دا، تیپی زەیتون یەکەم کۆنگرەی ڕۆژنامەوانی خۆی بۆ خستنەرووی کاروپرۆژەکانی بەشی کاروباری سەربازی ـ سیڤیلی بۆ ساڵی 2007 ئەنجامدا.

لەم کۆنگرەیەدا، تیپی زەیتون روونیکردەوە کە کاروچالاکییەکانی ئاوەدانکرنەوەی کاروباری سیڤیلی بۆ ساڵی 2007 لە ژێر دروشمی" خۆشگوزەرانی و هیوای هەولێری نویْ" چوار بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرن:ـ ئەنجامدانی پرۆژەی کاریگەر و باش بە گوێرەی بودجە ، زۆرکردنی هەلی کار و دامەزراندن لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی توانای مرۆیی و راهێنانی شارەزایان ، بەرەوپێشبردن و ئەنجامدانی پرۆژەی ئاوەدانکرنەوەی سیڤیلی بە هاوکاری لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان ، پرۆژەی ئاوەدانکرنەوەی یادەوەری بۆ پتەوکردنی پەیوەندی نێوان کۆریا و کوردستان .

هەروەها پرۆژەکانی ئاوەدانکرنەوەی ساڵی 2007 چوار بوار لەخۆدەگرێت:ـ

پەرەپێدانی ئابوری کۆمەڵایەتی ، یارمەتی مرۆیی ، سەقامگیری ئاسایش، چالاکییەکانی دۆستایەتی، کە بودجەیەکی بە بڕی $56000000ی بۆ تەرخانکراوە و 7 ٪ زیادکراوە لە ساڵی پار کە$52170000 بوو و چاوەروان دەکرێت کە بودجەکەی ئەمساڵ زۆرتریش بکرێت.

تیپی زەیتون بە بەردەوامی پلانی بەرەوپێشبردنی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەی بە دەستەوەیە، ئەویش لەسەر بنەمای ئاکام و دەرەنجامی کاروپرۆژەکانی کاروباری سەربازی ـ سیڤیلی ساڵی ڕابردوو، بە زیادکرنی بودجەکە. بە تایبەتی بۆ ئەمساڵ ڕوونیکردەوە کە پرۆژەکان جۆریان باش دەبێت لەوەی پرۆژەی زۆر ویستی تیپی زەیتون بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی دانیشتوانی بێدەرامەت لە ڕێگەی پرۆژەکانی کاروباری سەربازی ـ سیڤیلی بۆ ناوچەکانی دەرەوەی شار (گوند) کە تایبەتە بە بە مەبەستی سوود گەیاندن بە دانیشتوانی ئەم ناوچانە و باشکردنی باری گوزەرانیان لە سەر بنەمای (پشت بە خۆ بەستن).

تیپی زەیتون بە بەردەوامی هەوڵی داوە ببێت بە دۆستی هاووڵاتیان، بە گیانی ڕێزگرتنی داب و نەریت و مێژو و کەلتوری گەلی کورد ، لە ژێر دروشمی باوی تیپی زەیتون ((ئێمە دۆستی ئێوەین)) و لەسەر بنەمای زانیاری و شارەزایی دوو ساڵی ڕابردوویدا. هەروەها ئاماژە بەوەکرا، کە وەك دۆستێکی ڕاستەقینە، تیپی زەیتون هەرگیز درێغی ناکات و چی

## Zaytun CMO in 2007

On Feb 5, Zaytun Division held the 1st press conference of 2007 announcing the upcoming CMO for FY 2007.

Zaytun announced that the direction of CMO in 2007 will be "Building Arbil city with Prosperity and Hope". Consolidating the project budget to improve efficiency Expanding employment opportunity by increasing the number of training experts Coordinating with KRG during Civil Reconstruction Projects Memorial Reconstruction Project to strengthen the Korea-Kurd relationship.

The 2007 CMO has four parts. Economic development, humanitarian support, enhanced security and improved friendship through cultural interaction. It has a 56 million dollar budget which was increased 7% over last years 52 million dollars. Additional investment is being considered.

Zaytun division said that building on last years success the budget increase will be used to improve quality as well as support and assist the poor in urban areas which will benefit more people.

Zaytun Division has been making an effort with respect to the culture and history of the Kurd Region to become friends with residents under the banner "We Are Friends". Based on two years of experience and know-how, Zaytun will continue to support regional security and development in the spirit of friendship.



## I'll be the 1st Kurdistan Olympic Medalist!!

**دەبم بە یەکەم هەڵگری**

**میدالیای ئۆلەمپی کوردستان**





لە سێیەم پاڵەوانییەتی کێبڕکێ ی تایکواندۆ دا، تیمی تایکواندۆی (بەحرکە) ، کە لەلایەن تیپی زەیتونەوە بەڕێوە دەچێت، لە جۆری (شێوە) نمایشکردن دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و یاریزان (محەمەد حەمید، تەمەن 27 ساڵان ، سولەیمانی ، کێشی قورس) سەرکەوتنی لە جۆری بەرەنگاربوونەوە دا بەدەستهێنا. هەروەها، یاریزان (سامان عەلی، تەمەن 9 ساڵان، هەولێر) لە بەرەنگاربوونەوەی منداڵان دا سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بەم جۆرە هەست و هیوای خۆی دەربڕی و گووتی: " من حەزدەکەم خێرا و بەهێزبم وەك یاریزانە کۆری یەکان و ببم بە یەکەم هەڵگری میدالیای زێڕینی ئۆلۆمپی کوردستان".

On the third Tae-Kwondo championship, Baherka Tae-Kwondo Class, which is managed by Zaytun Division, won the Form category and Mr. Muhamad Hamid(27, the Heavyweight) from Sulaymania won the sparring category. Meanwhile, Saman Ali(9) from Irbil, who won the children sparring, expressed his hopes "I want to be fast and strong as the Korean player and to become the first Kurdistan of Olympic Gold Medalist."

## سێیەم پاڵەوانیەتی جامی زەیتون بۆ تایکواندۆ

لەوەتەی دامەزراندیەوە ، ئەمە یەکەم پاڵەوانییەتی فەرمی یەکیەتی تایکواندۆی کوردستانە.

لە ڕۆژی 7 و 8ی/ 2 دا، سێیەم کێبرکێ ی یاری تایکواندۆ لە هۆڵی شەهید (فرانسۆ هەریری) لە یاریگای وەرزشی هەولێر بەڕێوەچووبە بە مەبەستی بەرفراوانکردنی ئەم یارییە، هەروەك بە پێچەوانەی پاڵەوانیەتییەکانی یەکەم و دووەم، کە لە ناو سەربازگەی زەیتوندا ئەنجامدرا بۆ منداڵان تازەپێگەیشتوان بوو دوایش یاریزانی کچیش تێیدا بەشدارییان کرد.

کۆی 204 یاریزانی باش لە کوڕ و کچ لە ناوچەکانی سەر بە هەولێر و سولەیمانی و دهۆکدا دەستنیشانکران بۆ بەشداریکردن لەم کێبرکێ یەکە بە دوو جۆر بوو : شێوە (نمایشکردن) و بەرەنگاربوونەوە بە گوێرەی کێش.

پاڵەوانی هەر ئاست و پلەیەك و هەروەها تیمی براوە میدالیا و جام و 500 $ خەلأت کران. هەروەها لە گەڵ یاریزانە باشەکان هەلی بەشداربوونیان لە بەرنامەی (سەردانی تایکواندۆ بۆ کۆریا ساڵی 2007)دا پێدەدرێت، کە چاوەڕوان دەکرێت لە مانگی نیسانی ئەمساڵدا ئەنجام بدرێت.

پێش دەستپێکردنی ئەم پاڵەوانیەتە لە 1/27ەوە بۆ ماوەی هەفتەیەك و وەك بەشێك لە کردارەکانی پاڵەوانیەتییەدا لە ڕێگەی کێبڕکێ ی پێشوەختە بە سەرپەرشتی یەکیەتی تایکواندۆی کوردستان. (فریشتەی سەوز)، تیپی زەیتون هەستا بە گۆڕانکاری و نوێکردنەوەی کەل و پەل و شوێنی دانیشتنی بینەرانی ناو هۆڵەکە بە مەبەستی هاریکاری پاڵەوانیەتییەکە، و هەروەها پێشکەشکردنی چەند چالاکییەك وەك بۆیەکردنی سەر دەم و چاو و باڵۆن و خواردن لە ڕۆژی پاڵەوانیەتییەکەدا.





# 3rd Zaytun Cup TaeKwonDo Championship

The Third Zaytun Cup Tae-Kwondo Championship, chaired by Kurd Olympic Association and Zaytun Division, was held. The first official championship since the establishment of Kurd Tae-Kwondo Association, on last Dec 04, was attended by students and graduates of Zaytun Tae-Kwondo Class and all the players from Kurd Tae-Kwondo Association to emphasize Korea-Kurdish Friendship and to spread out Tae-Kwondo throughout Kurd region.

Especially, the third championship was held in Shahid "Franso Hariri" Hall ,Irbil Sports Stadium, differently from the first and second championship, which was he ld in Zaytun Division, to expand its scale. Hence, it firstly held the adult match and increased female participants.

Total of 204 men and women from villages of Irbil, Daratu, Dahuk and Sulaymaniya were qualified through a preliminary match, chaired by Regional Tae-Kwondo Association, to participate in the championship, which was divided into two main categories : forms and sparring classified by weight.

The champion and team in every classification were awarded with trophy, medal and $500 worth of price. Also, the champion and excellent performers were selected to be granted a chance to participate 07' Tae-Kwondo overseas program, which will be held on upcoming April.

From last Jan 27, Zaytun Division had a week of Green Angel Operation repairing internal materials and attendant seats of Stadium in order to succeed the championship. In addition, shows such as face-painting and magic balloon were provided on the day of the championship, so the food court was.

## Festival with Gradarash Mufti's residents




On last Feb 6 Green Angel Operation held a festival in Gradarash mufti for the local residents. The festival commemorated completed projects requested by the residents such as installing a seesaw and swing in the playground, repairing the soccer stadium and wall-painting. Zaytun also established Zaytun Sae-Maeul Hall, made of a container, and announced that sewing machines would be donated and new deep water wells would be built. A ground breaking ceremony for newly paved road construction was also held.

"Because of the Korean troops" activities the environment of the village has been improved greatly, and all the people in the village appreciate the paved road construction." Mr. Ezadean (48, Head of Village) said.

## ئاهەنگ گێڕان لەگەڵ دانیشتوانی (گردەڕەشی مفتی)

لە 2/6دا، کاروچالاکییەکانی "فریشتەی سەوز" بە ئامادەبوونی خەڵکی (گردەڕەشی مفتی) لە هەولێر بەڕێوەچوو. لە سەر بنەمای بیروڕا و بۆچوونی دانیشتوانەکە، تیپی زەیتون هەڵسا بە دانانی جۆلانە و یاری تر لە گۆڕەپانی یاری، باشکردن و ڕێکخستنی گۆڕەپانی تۆپانێ، بۆیەکردن و جوانکردنی دیوارەکان و هەروەها دروستکردنی هۆڵی (سێماول) بە کۆنتێنەر.

لە هەمان کاتدا، ڕێورەسمی دانانی بەردی بناغەی قیرتاوکردنی ڕێگا بەڕێوەچوو. تیپی زەیتون ڕوونیکردەوە کە هاوکاریان دەکات بە ئامێری دوورمان و هەروەها کارەکان بە باشی بەڕێوەدەبات.

مختاری گوند( کاك عزالدین ، تەمەن 48 ساڵان) گووتی : " بە هەوڵی کاروچالاکییەکانی هێزەکانی کۆریا، بارودۆخی گوندەکەمان پێشکەوتنی زۆری بەخۆوە دیتووە و دانیشتوانەکەی هەمووی سوپاسگوزارن بۆ قیرتاوکردنی ڕێگاکەیان.



## Hope and Dream to the Children Living Deep In the Mountains



All the children of Pirar can now smile, because the construction of Pirar Elementary School, which started in 2006, was complete on January 21st. Reycoutt was so excited about his brand new school where both he and his friends could learn and play together. "Very Good", he expressed excitedly, and said that he is so thankful to MND-NE (Zaytun Division).

Meanwhile, Zaytun Division held the Opening Ceremony on Jan 14 for the new school in Oghsar. The new schools, established in Oghsar and Pirar, have only three classes. However, they are equipped with modern facilities such as electric generators, air conditioner and water heaters. This helps to provide the best educational facility regardless of extreme weather conditions. In addition, high technology automation supplies such as four computers and software were provided to each school to further enhance the learning environment.

## هیوا و ئاوات بۆ منداڵانی ناوچە شاخاوییەکان

لە گوندی (پیرەر)ی دورەدەست ، تەنیا چیا و خانووی قوڕ و ماڵات بەرچاو دەکەوێت. پیرەر گوندێکی بچووکە و لە 130 سەرخێزانی 20 ماڵی پێکدێت. منداڵانی ئەم گوندە ئێستا دڵخۆشن بەوەی کە قوتابخانەکەیان، قوتابخانەی پیرەری سەرەتایی، تەواوکراوە کە لە مانگی 4ی 2006دا دەستکرابوو بە بیناکردنی. لە 1/21 دا، (ڕێکەوت) زۆر دڵخۆش بوو بە قوتابخانە نوێیە نموونەییەکەیان ، کە خۆی و هاوڕێ یەکانی بە یەکەوە خوێندن و یاری دەکەن. " زۆر باشە"، ئەو بەم ووشەیە هەستی خۆی دەربڕی و گووتیشی زۆر سوپاسی تیپی زەیتون دەکەم.

هەروەها، تیپی زەیتون ڕێورەسمی کردنەوەی قوتابخانەی نوێ ی (ئۆغسەر)ی لە 14 /1دا ئەنجامدا. قوتابخانەی نوێ لە هەر یەکە لە (ئۆغسەر) و (پیرەر)دا بنیاتنراوە و یەکی 3 پۆلیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا دابینکراوە بە ئامێر و کەلوپەلی نوێ وەك مولیدەی کارەبا و سپلیت و ئاوگەرمکەری خێرا. ئەمانە هەمووی باشترین ئاسانکاری بۆ خوێندن و پەروەردە دەڕەخسێنن سەرەڕای کەش و هەوای نالەباری ئەم شوێنانە. هەروەها، هەر قوتابخانەیەکیان دابینکراوە بە ئامێری تەکنۆلۆژی نوێ وەك 4 کۆمپیوتەر و ووردەکارییەکانی ئەمەش بۆ زیاتر بەرەوپێشبردنی بواری خوێندن و فێربوون







# Campus Life In Korea

As the new semester begins, students are busy scheduling their classes. 140 credits are required to graduate so careful scheduling of each of the 8 semesters during their 4 years is a priority. Lectures with famous professors are filled quickly due to the excessive number of students. To get the best classes students very frequently keep vigil in front of their internet terminals waiting for online applications to begin.

All universities and colleges have festivals in May and September, considered the finest season in Korea. Each school provides different programs and most schools also have programs which help students get rid of stress such as concerts, dance tournaments, water-balloon throwing and disused car breaking. Virtual conferences, robot soccer tournaments and exhibitions where the students can express knowledge learned in the department are usually part of the program also. In addition, the students self-manage "Flea Markets" and "Mini Bars" and use profits for charity services.

A library is always full of the students enthusiasm whether it is exam period or not. The students wait for the library to open at dawn to get a good seat. Students without a seat become "Grasshoppers". The grasshoppers repeatedly take a seat of students who have gone to class and seek another seat when the owner comes back. Grasshoppers are the example of the tough life of the Korean students who get into employment test, which is keener competition, right after graduating from the university.

# ژیانی نێو زانکۆ لە کۆریا

هەر کە کۆرسی نویێ دەستپێدەکات، قوتابیان سەرقاڵ دەبن بە ڕێکخستنی کات و بەرنامەی خوێندنیان. بۆ دەرچوون و بە دەستهێنانی بڕوانامە، پێویستە 140 بابەت بخوێندرێت لە کۆی 4 ساڵی خوێندنەکە. بۆیە بەرنامە ڕێکخستنێکی وورد و بە هۆشیار، پێویستییەکی سەرەکییە بۆ هەر 8 کۆرسەکان لە ماوەی 4 ساڵی خوێندنەکەیان دا. وانە (محازەرە)ی پرۆفیسۆری ناودار و باش زۆر بە خێرایی پڕدەبێت ، ئەویش لەبەر زۆری ژمارەی قوتابییەکان. بۆ بەدەستهێنانی باشترین (محازەرە)، هەردەم قوتابیان شەونخوونی دەکەن لەبەردەم وێستگەکانی ئینتەرنێتدا ، بە مەبەستی چاوەڕوانکردن بۆ داواکاری پێشکەشکردنی (ئۆن لاین) لە ڕێگەی ئینتەرنێتدا بۆ وەرگیران لە هەر پۆلی خوێندن (محازەرە)یەك.

لە مانگی ئازار دا، هەردەم جووتە هاوڕێ دەبیندرێن و باوە لە نێو زانکۆدا و پێیان دەگووترێت " جووتە هاوڕێی نێو زانکۆ" و ئێرەییان پێدەبردرێت لە لایەن هەمووانەوە. قەتابیانی زانکۆکانی کۆری ئازادن لە گەڕان و هاوڕێیەتیکردن لە گەڵ ڕەگەزی بەرامبەری و هەروەها ڕەچاوی ئەوەیان لێدەکرێت کە بەرپرسن لە خۆیان. هەر یەکە هاوڕێیەك لە بەشەکەی یان لە یانە دەستنیشان دەکات و دەبن بە جووتە هاوڕێ و هەر بە یەکەوەش دەخوێنن و نان دەخۆن. لە کۆریا، جووتە هاوڕێ هەردەم دوای دەرچوونیان لە زانکۆ دەبنە هاوسەری یەکتری.

هەموو زانکۆ و کۆلیژەکان لە مانگی 5 و9 دا، کە بە جوانترین و خۆشترین وەرز لە کۆریادا دادەندرێن، ئاهەنگ دەگێڕن. هەر کۆلیژێك بەرنامەی جۆراوجۆر ئامادەدەکات و زۆربەشیان بەرنامەکانیان بە مەبەستی یارمەتیدانی قوتابیانە بۆ ئەوەی لە ماندووبوونی ماوەی خوێندنیان بحەسێنەوە. فیستڤاڵەکەش ئەمانە لەخۆ دەگرێت وەك ئەنجامدانی کۆنسێرت و پێشبرکێی سەما و هەڵدانی باڵۆنی ئاو و تێکشکاندنی ئۆتۆمبێلی بێ کەلك.

هەروەها ئەنجامدانی کۆنفرانس و پێشبڕکێی تۆپانێ بە ڕۆبۆت و پێشانگا، بۆ خستنەڕووی ئەو زانیارییانە و شارەزاییەی کە قوتابیان فێری بوون، هەمیشە بەشێکن لە بەرنامەکانی فیستڤاڵەکە.
هەروەها قوتابیەکان بۆخۆیان لەناو ئەوێدا، بازاڕێکی بچووکی کڕین و فرۆشتنی کەل و پەلی خۆیان لە نێوانیان دا و خواردنەوە بەڕێوەدەبەن و سوودەکەشی پێشکەش بە کاری (خەیری) دەکەن.

پەرتوکخانەکان هەردەم پڕە لە قوتابیان و هەردەم جۆش و خرۆشی خوێندنەوەن ، جا کاتی تاقیکردنەوە بێت یان نا. لە بەرەبەیانیانەوە، قوتابیان لە بەردەم پەرتوکخانەدا چاوەڕوانی کردنەوەی دەکەن بۆ ئەوەی شوێن (کورسی)ێکی باش بگرن. چونکە ئەگەر شوێنیان دەست نەکەوێت ئەوا وەك کلۆ(کوللە) حساب دەکرێن. ئەم کلۆیانە هەر جارەی شوێنی ئەو قوتابیانە بەکاردەهێنن کە چوونەتە (محازەرە)وە و هەرکاتێکیش قوتابی خاوەن ئەم کورسییانە گەڕانەوە ئەوا کلۆیەکان ناچاردەبن کە بە دوای کورسییێکی تر دا بگەڕێن. کلۆیەکان نموونەی ژیانی زەحمەتی ئەو قوتابیە کۆریانەیە کە داخلی تاقیکردنەوەی دامەزراندن، کە پێشبڕکێیەکی سەختە، دەبن هەر یەکسەر دوای دەرچوونیان لە زانکۆدا.







Korea overwhelmed the poverty after the Korean-War in 1950 and finally has become a great economic nation. The Koreans" diligence and hard working and the students" enthusiasm about learning were the reasons why the Korean could succeed after the War.
Investing on education would not product a result right away, but it is the certain investment to the nation and the future of the nation.

کۆریا زاڵبوو بەسەر هەژاریدا دوای جەنگی ناوەخۆی کۆری ساڵی 1950 و لە ئاکامدا بووەتە وولاتێکی ئابوری گرنگ. هەوڵ و تێکۆشان و کارکردن و پەرۆشی قوتابیان بۆ فێربوون، ئەو هۆکارانە بوون کە کۆریا توانی پێشبکەوێت و پەرەبسێنێت لە دوای جەنگەوە.

وەبەرهێنان لە بواری پەروەردە دا تەنها ئاکامێکی باشی لێ نەکەوتووەتەوە، بەڵکو ئەو وەبەرهێنانە دیار و بەرچاوەیە بۆ وولات و داهاتووی وولاتە.

## تیپی زەیتونی ئاشتی و ئاوەدانکردنەوە




## تیپی زەیتون دۆستی ئێوەیە